پلانی ساڵانە | ئینگلیزی | پۆلی چوارەم

**شائامانجی پلانی فێرکاری بۆ وانەی ئینگلیزی پۆلی چوارهەم**

بنەما سەرەکییەکان ئەوەیە کە فێرخواز:

- توانای دەربڕینی بە زارەکی هەبێت بە ئینگلیزی
- توانای دەربڕینی بە نووسین هەبێت بە ئینیلیزی
- توانای خوێندنەوەی هەبێت
- توانای شیکاری هەبێت
- توانای بەکارهێنانی ئامێرە دیجیتاڵیەکانی هەبێت لە ئینگلیزیدا

| فێربوونی زمان | پەیوەندی | کولتور، کۆمەڵگە، ئەدەب |
|---|---|---|
| ئامانج لە ڕاهێنان ئەوەیە کە فێرخواز بتوانێت:<br><br>دیاری کردنی ئەو بوارانەی کە فێرخواز بتوانێت سوود لە زمانی ئینگلیزی وەربگرێت.<br>دۆزینەوەی وێکچون لە نێوان وشە و دەربڕین لە زمانی دایک و ئینگلیزیدا<br>بەکارهێنانی «فەرهەنگی زمان» و کەرەستەی دیکە بۆ فێربوونی زمان | ئامانج لە ڕاهێنان ئەوەیە کە فێرخواز بتوانێت:<br>- تێگەیشتن و بەکارهێنانی وشەی و برگەی ئاسایی بە ئینگلیزی کە پەیوەست بن بە زمانی ڕۆژانەوە<br>- بەکارهێنانی دەنگە بنەڕەتیەکانی زمانەکە.<br>- بەکارهێنانی ساختاری ڕێزمانی ئاسایی، وشەی سادە، ڕستەی سادە و spelling<br>- بەکارهێنانی دەستەواژەی زارەکی سادە کە هۆکارێک بێت بۆ تێگەیشتن و تێبیگەن.<br>- تێگەیشتن لە واتای وشە و برگەی پەیوەست بەو شوێنەی تێیدا بەکار هاتووە<br>- تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی تێکست و بابەتگەلی ناسراو و ئاسان.<br>- بەکارهێنانی وشەی بەڕێزانە و شێوازی میهرەبانی لە قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەدا<br>- بەکارهێنانی هێندێک دەستەواژەی جێگیر کە لە بارودۆخی ئاساییدا باوە هەم بە زارەکی هەم بە نووسین، وەک دراما، ڕۆڵوازی و بابەتی دیکە. Improvisation<br>- خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی تێکستێکی ناسراو یان باودا.<br>- نووسینی پەیامی کورت و پوخت لەسەر بابەتێکی ئاسایی کە دێتە بەرباس، بتوانێت ڕوونکردنەوە، پرسیار کردن لە نرخ، بڕی پارە بخاتە ڕوو.<br>بەکارهێنانی ئامێرە دیجیتاڵیەکان بۆ دۆزینەوەی زانیاری و ئافراندنی دەق (تێکست) | ئامانج لە ڕاهێنان ئەوەیە کە فێرخواز بتوانێت:<br>هەندێ نموونە بهێنەرەوە لەسەر ئەو وەڵاتانەی ئینگلیزی زمانن<br><br>بەراوررد کردنی هەمەلایەنە وەک، ژیان، نەرێت و گوزەران لە کوردستان و وەڵاتانی ئینگلیزی زمان<br><br>بەشداری بکەن لە پێشکەشکاری باسێکی تایبەت بە ئینگلیزی، ڕەچاوی سەروا، ڕێسا، گۆرانی ڕوونکردنەوە بکەن<br><br>دەربڕین و هەستی کەسەکی بەرانبەر زمانی و ئەدەبی ئینگلیزی و کلتوری منداڵان<br><br>داهێنانی بابەت هەم بە زارەکی و هەم بە نووسین کە کاریگەری فەرهەنگی ئەدەبی منداڵانەی ئینگلیزی زمانی پێوە دیار بێت. |

| پۆلی چوارەم | ئینگلیزی | پلانی ساڵانە |
|---|---|---|

| هەفتە | بابەتی سەرەکی | ئامانج | شێوازی کار | بابەتی فێرکاری | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|---|---|
| 38<br>39<br>40 | Numbers<br>ژمارەکان<br>(لێپرسینەوە)<br>تێستی وشە | - توانینی ژماردنی 10 بە 10 تا 100<br>- توانینی ژماردن 1 تا 100<br>- زانینی ئەوەی کە سفر چی پێدەگوترێت. | گۆرانی<br>زارەکی<br>پێشبرکێ | Sunrise unit 1, 2<br>کاخەزی چالاکی<br>داتاشۆ | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |
| 41<br>42 | food<br>خواردن (لێپرسینەوە)<br>تێستی وشە | - زانینی چۆنێتی داواکردن لە کەسی هاومێز کە خواردنت بۆ بداتە دەست، چۆنێتی گوتنی ئەوەی کە برسیتە و دەتەوێت چی بخۆیت.<br>- توانینی 13 وشەی چوارچێوەی تێمای خواردن. | رۆڵوازی<br>گروپکاری | Sunrise unit 10, 11<br>ڤیدیۆ<br>داتاشۆ<br>وێنەی چەند خواردنێکی خۆرئاوایی | |
| 43<br>44 | At school<br>لە فێرگەدا<br>تێستی وشە و تێستی زمان | - توانینی 10 وشەی پەیوەندیدار بە باخچەی فێرگەوە<br>- توانینی چۆنێتی پەیڤین لەگەڵ کەسێکدا بە شێوەیەکی بەرێزانە.<br>- توانینی چۆنێتی ئاراستەکردنی پرسیار و وەلامدانەوە بە کاتی ئێستا، بە زارەکی و بە نووسین.<br>- «کاری رانەبردووی سادە».<br>- He/she is...<br>- He/she has got...<br>- توانینی چۆنێتی دارشتنی وەزن و قافیە (سەروا) بە ئینگلیزی | - چالاکی لە باخچەی فێرگەدا<br>- رۆڵوازی | - پیشاندانی کەل و پەلی باخەوانی بەوێنە | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 45<br>47 | The year<br>سالّ<br>تێستی وشە | - توانینی هەر دوازدە مانگی سالّ بە ئینگلیزی.<br>- زانینی مانگەکان بەپێی وەرزەکان.<br>- زانینی ئەوەی کە ناوی هەر دوازدە مانگ دەکەونە چوارچێوەی «ناو» وە.<br>- زانینی ئەوەی کە پیتی یەکەمی ناوی مانگەکان بە کەپیتالّ دەنوسرێت.<br>- When is your birthday?<br>- My birthday is in....<br>- Next month, last month | - گۆرانی مانگەکان | - وێنە<br>- کاخەزی چالاکی بۆ ناوی مانگەکان<br>- وێنەی وەرزەکان | |
| 48<br>50 | The body<br>جەستە<br>تێستی وشە | - توانینی حەوت وشەی نوێ لەسەر جەستە.<br>- توانینی بەکارهێنانی وشەکانی جەستە بۆ وەسفکردنی پێنج هەستەکانمان.<br>- زانینی ئەوەی کە «کار» چیە، ناسینەوەی ئەو وشانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم جۆرەوە کە بە ئینگلیزی «verbs» یان پێ دەگوترێت.<br>- بتوانی کە باسی «verbs» بکەیت لە جوڵەی لەشدا.<br>- کۆ، s-<br>- S ی رانەبردوو کە لە دوای he و she و it دێت.<br>- What is it/are they?<br>- It's/they're<br>- This is my/these are my... | گۆرانی<br>رۆڵوازی | Sunrise unit 4<br>- وێنەی بەشەکانی جەستە | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |
| 51 | پێداچوونەوە | | | | |
| 1<br>2 | Clothes<br>جلوبەرگ<br>تێستی وشە | - توانینی شەش وشەی نوێی جلوبەرگ و وشەگەلی پەیوەندیدار بە جلوبەرگ.<br>- توانینی ئامرازی پرسیار بە زارەکی و نووسین<br>- توانینی بە دروستی نووسینی ئامرازەکانی پرسیار.<br>- توانینی «فۆرمی کۆ» ی سادەی ناوەکان، بە زارەکی و نووسین<br>- «کار» verb<br>- کۆ s–<br>- ئامرازەکانی پرسیار: Where, why ،who ،what ،when<br>- There is/are<br>- He's/ she's got/ I've got …<br>- He's/ she's/ I am wearing … | زارەکی<br>گۆرانی<br>رۆڵوازی | Sunrise unit 15<br>- وێنەی چەند و بەرگێک جل | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |
| 3<br>4 | The family<br>خێزان<br>تێستی وشە و تێستی زمان | - توانینی وشەی نوێ دەربارەی خێزان<br>- ئاشنا بوون بە ئاوەڵناوی زیاتر وەک، tall, short, fat, thin, young and old<br>- توانینی بەکارهێنانی وشەی پرسیار کردن، بە زارەکی و نووسین<br>- توانینی نووسینی ئامرازی پرسیار کردن بە دروستی.<br>- «کار – Verb»<br>- کۆی s–<br>- ئامرازەکانی پرسیار Is/are | - چالاکی<br>- رۆڵوازی | - وێنە<br>- ڤیدیۆ<br>- داتا شۆ | |
| 5<br>6 | The house<br>ماڵ<br>تێستی وشە | - زانینی 15 وشە لەسەر ماڵ<br>- فێربوونی جیاوازیی نێوان پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان، بەکارهێنانی a/an<br>- فێربوونی چەند پێشبەندییەکی جیا و ناسینەوەی ئەو وشانەی کە دەکەونە ئەو چوارچێوەیەوە. هەروەها زانینی ئەوەی کە بە زمانی ئینگلیزی پێیان دەگوترێت prepositions.<br>- توانینی باس کردنی ئەو خانووەی کە تێیدا دەژیت، جۆری ئەو خانووە، ناونیشانی و توانینی چۆنێتی پرسیار کردن دەربارەی ئەوەی کە چۆنێتی نیشتەجێبوونی ئەوانی دیکە.<br>- What's your address? Where do you live? Do you live in a house or in a flat? I live in a... | - چیرۆک<br>- نوسنی نامە و ناونیشان<br>- رۆڵوازی | | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |
| 7 | رۆژی خۆشەویستیی<br>Valentine day<br>تێستی وشە و تێستی زمان | - توانینی 7 وشەی پەیوەندیدار بە خۆشەویستی و پیرۆزبایی کردن<br>- نوسینی نامە و پۆستکارت بە شێوەیەکی ئاسان.<br>- نوسینی پیرۆزبایی جەژنی خۆشەویستی و لەدایکبوون.<br>- شێوازی جیاجیای پیرۆزبایی کردن.<br>- نوسینی ناو، ناونیشان و مێژوو (رێکەوت). | زارەکی<br>گۆرانی<br>رۆڵوازی | - وێنە<br>- پۆست کارد | |
| 8<br>9 | In town<br>لە شارد<br>تێستی وشە | - توانینی 17 وشەی بەستراوە بە ژینگەی شارەوە وەک (باڵەخانە و خەستەخانە، ...هتد).<br>- ئاشنابوون لەگەڵ ناوی شەقامەکان و شوێنە گەشتوگوزاریەکانی لەندەن و توانینی گوتنی ناوی هەندێکیان.<br>- توانینی چۆنێتی پرسیار کردن دەربارەی رێگە و رێنیشاندان بە خەڵکی دیکە.<br>- فێربوونی ئەوەی کە «ئاوەڵناو» چیە و ئەو پۆلە وشەیە «adjectives» ی پێدەگوترێت بە ئینگلیزی.<br>- پرسیار کردن دەربارەی رێگە و چۆنێتی رۆیشتن بە پێی نەخشە. «Left, Right, straight ahead»<br>- Excuse me, can you tell me...? Excuse me, where can I find...? Can I have... | زارەکی<br>گۆرانی<br>رۆڵوازی | - وێنە<br>- ڤیدیۆ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | please? Yes, here you are. | | | |
| 10<br>12 | Shopping<br>شتکڕین<br>تێستی وشە | - توانینی 13 وشەی بەستراوە بە فرۆشگەکانەوە.<br>- توانینی چۆنێتی پرسیار کردن دەربارەی چۆنێتی دۆزینەوەی فرۆشگایەک یان ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دۆزینەوەی کاڵایەکی دیاریکراو بۆ کەسێکی دیکە.<br>- توانینی چۆنێتی پرسیار کردن دەربارەی بڕی نرخ و تێگەیشتن لەوەی کە دەبێت ئەو بڕەپارەیەی دەیدات چەندە.<br>- زانینی ئەوەی کە «ئاوەڵناو» چیە و هێنانەوەی نمونە بۆ ئاوەڵناو.<br>- Excuse me, can you tell me…? I'd like to pay. How much is the…, please? Where can I find? | - ڕۆڵوازی<br>- نمایشکردنی ڤیدیۆ لەبارەی کڕین و فرۆشتن | Sunrise unit 16<br>- وێنە و ڤیدیۆ<br>- داتا شۆ | |
| 13<br>14 | The time<br>کات<br>تێستی وشە و تێستی زمان | - زانینی هەندێک وشە بۆ جۆرە جیاکانی سەعات.<br>- توانینی چۆنێتی پرسیاری کردن بە ئینگلیزی دەربارەی ئەوەی کە سەعات چەندە.<br>- بە ئینگلیزی توانینی چۆنێتی گوتنی ئەوەی کە سەعات چەندە (سەعاتی ڕێک، نیو، چارەکی دەوێت، چارەکێک لایداوە، ئەوەندە دەقەی دەوێت، ئەوەندە دەقە لایداوە)<br>- Excuse me, what time is it?<br>- It's … o'clock<br>- It's quarter to…<br>- It's quarter past…<br>- It's half past…<br>- It's… minutes to/past | - گفتوگۆ<br>- ڕۆڵوازی<br>- چالاکی | Sunrise unit 3<br>- فایل و مقەست بۆ دروستکردنی سەعات | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |
| 15<br>17 | Wild animals<br>گیانەوەرە کێویەکان<br>تێستی وشە | - توانینی ناوی 17 گیانەوەری کێویی<br>- توانینی وەسفکردنی گیانەوەرەکان<br>- توانینی پرسیار کردن دەربارەی چۆنێتی دۆزینەوەی ڕێگە و نیشاندانی ڕێگە بە مێوانان بۆ ئەوەی کە گیانەوەرانی ناو باخچەی ئاژەڵان بدۆزنەوە.<br>- Can/can't | - ڕۆڵوازی<br>- گفتوگۆ | Sunrise unit 13<br>- وێنە<br>-<br>ڤیدیۆ | |
| 18<br>19 | Sports<br>وەرزش<br>تێستی وشە | - توانینی ناوی 12 جۆری وەرزش و لە هەر وەرزشێکدا کام کەلوپەل لە کاتی ڕاهێناندا بەکاردەهێنرێن.<br>- چۆنێتی خوێندنەوەی نامیلکە و دەرهێنانی فاکت و زانیاریی<br>- ئاشنایەتی پەیدا کردن لەگەڵ ئەو جۆرە وەرزشانەی کە لە وڵاتە ئینگلیزی زمانەکاندا برەویان هەیە.<br>- I'm good at… / I'm bad at…<br>- Verb: to play, to ski. ,to dance, to make, to skate, to ride, to throw | - چالاکی<br>- ڕۆڵوزی | Sunrise unit 6, 7<br>ڤیدیۆ<br>وێنە | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 21<br>22 | Spare Time<br>کاتی زیادە<br>تێستی وشە | - توانینی نۆ وشەی پەیوەست بە چالاکیەکانی کاتی پشووەوە<br>- ئاشنابوون لە پێشبەندگەلی وەکو «at, above, between»، تێگەیشتنیان و – دەستپێ کردن بە بەکارهێنانیان.<br>- ئاشنابوون لەگەڵ جارەی ژمارە، تێگەیشتنیان و توانینی بە سادەیی بەکارهێنانیان.<br>- توانینی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکتریدا دەربارەی ئەوەی کە کەسی بەرامبەر چەند بەشداری چالاکیەکانی کاتی پشوو دەکات و توانینی تۆمار کردن/ خوێندنەوەی ماتەریاڵی ئامار.<br>- Once, twice, three times a week | - ڕۆڵوازی<br>- یاری | - وێنە<br>- ڤیدیۆ | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |
| 23<br>24 | Holidays<br>ڕۆژانی پشوو<br>تێستی وشە و تێستی زمان | - توانینی 25 وشەی تایبەت بە چوون بۆ گەشت / سەفەر<br>- توانینی چۆنێتی دارِشتن و نوسینی ئیمەیڵ و پۆستکارت<br>- توانینی قسە کردن لەسەر ئامانجی گەشت و چالاکیەکانی ناو گەشتی پشوو<br>- پرسیار/ ئامرازی پرسیار | - ڤیدیۆ لەبارەی پشوو<br>- چالاکی<br>- چیرۆک<br>- گۆرانی | - وێنە<br>- فایل و مقەست بۆ پۆستکارد | - بەشداری کردن<br>- پێداچونەوەی کۆتایی هەفتە |
| 25 | پێداچوونەوە | | | SUNRISE 18 | |
| | 2012/06/21 | دواهەمین ڕۆژی فێرگە | | | |